

# ئازادی و بەرپرسیارێتی

دلاوەرێ زەنگی - شام/ سوریا

## * دەستپێك

بێگومان کێشەی ئازادی لەکۆنترین و ئالۆزترین کێشە فەلسەفیەکانەو، هەر لەکۆنەوە رووبەرووی لێکۆلێنڤانان بۆتەوە.. ئەوەیش لەبارەیەوە گوتراوە، وەك چۆن پێشتر فەیلەسوفەکانی یۆنانی مژول کردبوو، بەهەمان شێوە بیرمەندانی ئەمرۆیشی سەرقاڵ کردووە.

لەراستیدا ئەو کێشەیە وەکو فەیلەسوفی ئینگلیزی ( بین ) دەڵێ: ئەو قفڵەی میتافیزیکیایە کە ژەنگ لەهەموو لایەکانیەوە دایگرتووە.. بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا گرنگییەکی نوێی لەفەلسەفەی هاوچەرخدا وەچنگ خستووە.

لەواقیعدا کێشەی ئازادی زۆرترینی ئەو کێشە فەلسەفیانەیە کە پەیوەستە بەزانست و ئاکارو کۆمەڵناسیو رامیاری ئەمە وێڕای پەیوەندی ئاشکرای بەکێشەکانی میتافیزیك، بەو پێیەی کێشەیەکە گوزارشت لەو شتە دەکات کە فەیلەسووفەکانی ئیسلام بەجەبرو ئیختیار ناویان بردووە، ئەگەر لەسەر ئێمە بوایە بپەرژێینە سەر خوێندنەوەی ئازادی بەو پێیەی کێشەیەکی کۆمەلاّیەتیو پەیوەندییەکی پتەوی بە پرسەکانی یاساو رامیاری هەیە.. ئەوا پێویست بوو مەرج و سنوورەکانی ئازادی دیاری بکەین و، لەماناى بەرپرسێتیو ئەو دەرنجامانەی لێی دەکەونەوە بکۆڵینەوە.. کەواتە لەوە دەست پێدەکەین کە پێناسەی ئازادی چیە؟

***

## * مانای ئازادی

ئازادی توانای مرۆڤە لەوەرگرتنی بڕیارەکان و هەڵسوکەوت کردن بەگوێرەی ئامانج و بەهاکانی خۆی، ئەو توانایەی لەرێڕەوی زانینی یاساکانی جیهانیو واقیعیو جڵەوگرتنیەوە پێك دێت و، لێرەدا لایەنگرانی خودگەراییو ئیرادەگەری (شوبنهاوەر، نیچە،وجودیەکان.. هتد) بەرگری لەبیرۆکەی ئازادی رەهای ئیرادە دەکەن. ئەوانە وای بۆ دەچن کە چراوگی یەکەمی بڕیارەکانی ئیرادە بۆ ئازادییەکەی، خودی ئیرادە خۆیەتی، یان وای دەبینن کە ئازادی ئیرادە شتێکی سەرەتاییە سەبارەت بەبوونی سروشتیو مرۆیی، ئەم تیۆرەش زۆربەی جار وەك پاکانەکردنێك بۆ چارەسەر کردن دێت، لەهەمان کاتدا لایەنگرانی هەوڵ دەدەن بەرپرسیارێتی بەتەنها بخەنە ئەستۆی مرۆڤ لەو شتانەی کە لەئەنجامی رەفتارەکانیەوە، یان لەبەشداری کردنی لەرەوتی ڕووداوەکان دێنە رێگایو، ئەو رەوشە کۆمەڵایەتیو بارودۆخانە لەبیردەکەن کەتیایاندا بڕیارەکان وەردەگیرێن و جێبەجێ دەکرێن. کۆمەڵێ تێڕوانینی پێچەوانەی تریش بوونی ئازادی ئیرادە لای مرۆڤ رەت دەکەنەوە، لەو چوارچێوەیەشدا زۆربەی رێبازە ئایینییەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە ئازادی ئیرادە تەنها تایبەتە بەخودا.

لەکاتێکدا نوێنەرانی حەتمیەتی میکانیکی (هوبس، غولباخ.. هتد) ئازادی تاك وەك کارێکی یەك روو دیاریکراوو مەرجدار بەفاکتەرە دەرەکیەکان وێنا دەکەن، رۆیشتنی گونجاویش لەسەر ئەو تیۆرە بەرەو جەبریەت و نکۆڵی کردن لەبەرپرسیارێتی تاك لەرەفتارەکانمان دەبات. بەڵام فەلسەفەی مارکسی لەگۆشەنیگای حەتمیەتی ماددی دیالیکتیکی کێشەی ئازادی ئیرادەی چارەسەر کردووە. بەگوێرەی ئەم فەلسەفەیەش مرۆڤ بەتەنها بەرهەمی بارودۆخ و مێژوو نییە، بەڵکو داهێنەریشیەتیو، لەرەوتی داهێنانیشدا هیزو تواناکاریەکانی بەرجەستە دەکات و، رستێك رێگاو ئامانجی بۆ دەردەکەون کە تیایاندا یاساگەری جیهانی بابەتی لەکۆمەڵێك لایەنی جیاواز رەنگ دەداتەوە.. مرۆڤ ئازادە لەحەزو ویستەکانی خۆی، تواناکاریەکانیشی لەچەندین رووەوە لەسەر دەوەستن و هەڵیان دەبژێرێ، ئایا دەتوانێ بەهرەکانی خۆی لەو رێگایەی کە هەڵیبژاردووە بەباشترین شێوە بخاتەڕوو؟

بەڵام ئیرادەی رووت (محض) وەك میسالیەکان بۆی دەچن، ئیرادەیەکە گرێدراو بەتەواوی بونیادەکانی کەسایەتی، بەئاوەزو هەست و بەهرەی، بەروانینە بەهاییە تایبەتیەکانی. ئیرادەی زۆرتر ئازادو عەقڵانی، ئیرادەی ئەو مرۆڤەیە کە خەبات لەپێناو بەها مرۆییەکان و رزگارکردنی شۆرشگێرانەی جیهان هەڵدەبژێرێ، بەجۆرێك کە لەگەڵ پێویستی گەشەی مێژوویی بگونجێ، لەکاتێکدا ئیرادەی کەمتر عەقڵانی، ئیرادەی کەسێکە کە نموونەیەك لەکردەوەکانی دژ بەپێشکەوتنی کۆمەڵایەتی هەڵدەبژێرێ، یان ئەو شتە هەڵدەبژێرێ کە پێی دەوترێ ئازادی نێگەتیڤ، واتە وازهێنانی تاك لەهەموو شتێکی دنیایی، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە فەرمانی تەنهاییو مردنی کۆمەڵایەتی بەسەر خودی خۆی داوە.

## * ئازادیو پێویستی

مەبەستیش لەم پرسە پەیوەندی نێوان چالاکی ئازادو کارای خەڵك و هەلومەرجی دەرەکییە، بەتایبەتی لەنێوان خۆیو کاری یاساگەری سروشتیو کۆمەڵیٚ بابەتی تر کە پەیوەست نییە بەهوشیاریو ئیرادەی مرۆڤ. (سبینوزا) یەکەم فەیلەسوف بوو کە بەوردیو تا ئەو ئاستە کێشەی ئازادی و پێویستی داڕشتەوە، ئەوەی روونکردەوە کە ئازادی کارابوونی مرۆڤ بەپلەی مەعقولی خۆی دیاری دەکریٚ پاشان (هیگڵ) هەنگاوێکی گەورەتری بەرەو پێشەوە ناو گوتی: (ئازادی هۆشیاری پێویستی‌یە)، بەلاّم میسالیەتی (هیگڵ) وایکرد پرسی دەستخستنی ئازادی تەنها بۆ هۆشیاری پێویستی بگێڕێتەوە، لەکاتێکدا فەلسەفەی (مارکسی) وەکو مەرجێکی گرنگی پێگەیشتنی ئازادی سەیری هۆشیاری پێویستی دەکات، بەلاّم نەك وەك تاکە مەرجێك، چونکە ئازادی چالاّکیەکی هۆشیارو مەبەستدارەو لەگەڵ پێویستیدا رێك دەکەویٚو، پشت بەزانینی یاسا بابەتیەکانی سروشت و کۆمەڵ دەبەستیٚو، ئەو زانینە بەکار دێنیٚ. بەم پێیە رەهەندی ئازادی تەنها لەسەر پلەی وەرگرتنی تیۆری یاساکانی جیهان ناوەستیٚ، بەڵکو لەسەر پلەی کردارەکیش بەندەو، تەنها بەگەشەی مەعریفە دیاری ناکریٚ، بەڵکو بەگەشەی پیادەکردنیش. ئازادی کۆمەڵ دەربارەی پێویستی سروشتیو خاوەنداری لایەنی یاساکانی سروشت، لەگەڵ گەشەی ئاستی بەرهەم و پێشکەوتنی تەکنەلۆژیو زانست و ژینگەی سروشتی بەهێز دەبیٚ، بەلاّم زانست و تەکنەلۆژیاو بەرهەم لەخودی خۆیانداو لەدەرەوەی هەلومەرجی کۆمەلاّیەتی سەربەخۆ نین. هەروەکو چۆن ئازادی کۆمەڵ مەرجێکی سەرەکی ئازادی تاکە کەسە، ئەو ئازادی‌یەش بەوە تەواو دەبێت کە خەڵك جڵەوی گەشەی هێزە بەرهەمهێنەکان لەڕێگای دەزگا حکومیو ئابووریو سیاسییەکان بگرنە دەست و، ژیانی خۆیان بەشێوەیەکی هوشیار بنیاد بنێن.

* * *

## * ئازادیو دیموکراسی

هەردوو چەمکی بەیەکەوە گرێدراوی ئازادیو دیموکراسی زۆر لێکردن (قسر) رەت ناکەنەوە، با حاڵەتێکی گوزەران وەك نموونە بێنینە بەرچاومان، با ئەویش حاڵەتی مرۆڤێك بێت کە تاسنووری شێتی گیرۆدەی مەیخواردنەوەیە.. ئەو کەسە بەگوێرەی گوزارشتی (سبینوزا): (وێڕای ئەوەی شتی چاکتر لەپێش خۆی دەبینیٚ، بەلاّم دواجار وا خۆی دەبینێتەوە کە دوای شتی خراپتر بکەویٚ).. لەو حاڵەتەشدا دوو شیمانە (احتمال) رووبەڕووی خێزانەکەی.. هاوڕێکانی.. کۆمەڵەکەی دەبنەوە، ئەوانیش: یان ئارام لەسەر سەرکێشیەکانی ئەو مرۆڤە سەرخۆشە بگرن و ئازادی رۆچوون لەنێو دابەزینی ئەخلاقی پیٚ ببەخشن، یان لەکۆمەڵ دایبڕن و بیخەنە بەردەم چارەسەرێکی زۆرداەکی کە لەدواجار بەر لەهەموو شتیٚ بەقازانجی کەسەکە تەواو دەبێت. کەواتە لەم حاڵەتەدا لەدیدی ئێمە کام شیمانە چارەسەرێکی دیموکراسی‌یە؟



باوەڕمان وایە بەرژەوەندی زۆربەی خەڵك لەدووەمیاندایەو لایەنگریشی دەکەن، سەرەڕای ئەوەی لەو حاڵەتەدا دیموکراسی راستەوخۆ دەکەوێتە دژایەتی ئازادی خۆدانە دەست هەڵەو دەبێتە دیکتاتۆریەت و چەپاندنی کەسایەتی تاك لەلایەن گشت.

توندو تیژیش لەچەند چوارچێوەیەکی دیاریکراودا پرۆژەیەکە، کاتێك مرۆڤ ناچار دەکرێ بۆ فێر بوون و خوێندن، یان هەوڵی رزگارکردنی دەدرێ لەنێوەندێکی خراپدا- ئەمەش لایەنێکی ترە.

پرسی رۆڵی زەبرو زەنگ لەکاتی هەڵبژاردنی شتێك لەبەرژەوەندی یەکێك لەو سیستەمە کۆمەڵایەتیانەی کە لەجیهاندا هەن زۆر ئاڵۆزە ئەو هەڵبژاردنەی ناوەڕۆکی گەشەسەندنی سیاسیو چینایەتی دیاری دەکات. کەواتە شتێکی سروشتی‌یە کە ئەو هەڵبژاردنە ئازادو دیموکراسی بێت، بەڵام ئاخۆ لەناوەڕۆکدا هەڵبژاردنێکە لەبەرژەوەندی دیموکراسی راستەقینە؟. دیارە ئەمەش لەسەر ئاستی دەرك کردنی راستی خەڵك بەبەرژەوەندی‌یە کۆمەڵایەتیە راستەقینەکان دەوەستێت، کە پێویستە خەبات بۆ هێنانەدی بکرێت.

## * ئازادیو رزگاربوون

ئازادی حالەتێك یاخود رووداوێك نییە، بەڵکو کارێك یا پڕۆسەیەکە کە رەنگبێ وشەی رزگاربوون راستگۆترین گوزارشتی لێ بکات، لەواقعیشدا ئازادی پەیوەندی‌یەکی پتەوی لەگەڵ گیان هەیە، بەو مانایەش بێت ناکرێ هەر بەتەنها حالەتێك بێت، ئازادی تەنها ئەو کاتەی کە خودی دەیەوێ دەرناکەوێ، بەو مانایەی خودی ئیرادەی ئازادی مانای ئیرادەیەتی بۆ بەهاکەی، بەم پێیە ئازادی نابێتە راستی تەنها ئەو کاتە نەبێت کە لەپێناو دەستخستنی خودی خۆی و بەرگری کردن لەخۆی کار دەکات.

لەڕاستیدا ئازادی پرۆسەیەکە لەبەرجەستەکرنی (خود)مان جیا نابێتەوە، کەواتە ئازادی تەنها ئەو کاتە نەبێت کە لەسنوری گیان ئامادە دەبێت بوونی نییە، ئەو سنورەی بەهۆیەوە بوونی مرۆیی لەپێناو داهێنانی خودی خۆیو بەرجەستەکردنی بەهای تایبەتی خۆی کاردەکات، لەوانەیە هەر ئەمەش بێت کە (جیریل مارسیل) بەدەستیەوە نالاندویەتیو گوتوویەتی: (بوون و بەهاو ئازادی، چەند شتێکی بەیەکەوە بەستراون و بەیەکەوەش نەبیٚ ناتوانریٚ رزگار بکرێن).

کەواتە ئازادی بەتەنها سەرهەڵدانێکی لەخۆوە نییە، بەڵکو گوزارشتێکی زیندووە لەدروست کردنی کەسایەتیو، بەرجەستەکردنی بەها خودیەکان. من ئازاد نیم کاتێك تەنها بەپرۆسە رەمەکیەکەم کۆتایی دێنم، بەڵکو کاتێك بەواتای وشە ئازادم کە بۆ ئاراستەکردنی ئەو رەمەکێتیە بەرەو رزگاری راستەقینە کار دەکەم.

لێرەوەیە کە روخساری مرۆییانەی ئازادی کەسی دەردەکەویٚ، ئێمە لێرەدا لەبەرامبەر ئازادیەکی سنوردارو مەرجدار داین، ئەو ئازادیەش بەهەلوێستی واقعیو بارودۆخی بوونمانەوە بەستراوەتەوە. بەم جەشنە دەبیٚ ئەو ئازادیە رەهایە بخەینە روو کە (سارتەر) بانگەوازی بۆ کرد، بۆ ئەوەی لەگەڵ خاوەنی رێچکەی کەسی بڵێین کە ئازادی لەقبوڵ کردنی مەرجەکانی بوونمان گەمارۆ دراوە، بۆ ئەوەی لەکردارماندا پشتی پیٚ ببەستین. چونکە هەموو شتێك لەتوانادا نییە، یان لەتوانادا نیە هەموو شتێك و لەهەر کاتێك جێبەجێکریٚ، وەکو لایەنگرانی ئازادی رەها بانگەشەی بۆ دەکەن، بەڵکو پێویستە دان بەوەدا بنێن کە ئازادی سنووری خۆی هەیەو، خودی ئەو سنوورەش وەکو ئەو هێزە وایە کە ئازادی لەچالاکی رزگاریخوازی خۆی پشتی پێدەبەستیٚ. دەکریٚ لەتوانامان‌دا هەبیٚ بڵێین کە ئازادی وەکو خودی جەستە پێش ناکەویٚو گەشە ناکات، تەنها بەبەربەست و دەست نیشان کردن و قوربانیدان نەبێت.

ئەوەی راستیش بێت زۆر جار مرۆڤ بۆ دەست بەردار بوون لەئازادی خۆی کاریگەری دەبێت. بۆ ئەوەی چێژ لەئاسایش و دڵنیایی وەربگریٚ. بەلاّم ئازادی لەناوەرۆکدا کۆششێکی چڕو ململانێیەکی بەردەوامە لەپێناو رزگار بوون. چونکە ئازادی مرۆیی ئازادیەکی کۆشش بۆ کراوە، چونکە کارایەکی بەردەوام و چالاکیەکی چڕو ماندوو بوونێکی بیٚپسانەوەیە.

*** بەرپرسێتی وەك پێوانەیەك بۆ ئازادی**

ئاشکرایە کە یەکێك لەرەگەزە یەکلاکەرەوەکان لەبونیادی کەسایەتیدا بەرپرسێتیە، ئەو بەرپرسێتیەش پلەی ئازادیو ئاراستەی بنەرەتی لەئاکاری مرۆڤ دەست نیشان دەکات. ئەگەر گوزارشتێکی مەجازی بەکار بێنین دەتوانین بەرپرسێتی وەکو روێکی تر لەجۆرێکی دیاریکراوی ئازادی بناسێنین.. ئازادی وەکو گشت بەگوێرەی گوزارشتی (ئەنگلز) لەناسین و زانینی یاساکانی سروشت و تواناکاری وەستاو لەسەر ئەو زانینەی خۆی دەبینێتەوە بەمەبەستی ناچارکردنی ئەو یاسایانە بۆ کارکردنێکی رێك و پێك لەپێناو چەند ئامانجێکی دیاریکراو. ئەمەش شتێکە لەسەر یاساکانی سروشتی دەرەکیو ئەو

یاسایانەی کە حوکمی بوونی جەستەیی‌و گیانی خودی مرۆڤ دەکەن دەچەسپیٚ– یاساکان بۆ دوو گروپ دابەش دەبن و، دەتوانین تەنها لەسنووری ویٚناکردنمان یەکیٚکیان لەویتر جیابکەینەوە بەلاٚم هەرگیز لەواقعیدا ناتوانین. دواجار ئازادی ئیرادە جگە لەتواناشکان بەسەر وەرگرتنی بڕیاریٚك کە پشت بەزانینی کیٚشەکە دەبەستیٚت هیچی‌تر ناگەیەنیٚ. بۆیەش چەند دادگایکردنی مرۆڤ زیاتر ئازاد بوو سەبارەت بەپرسیٚك، ئەو دەمە دیاری کردنی ناوەرۆکی ئەو دادگاییکردنە زیاتر پیٚویستە. لەکاتیٚکدا نەبوونی متمانە کە لەبنەڕەتدا لەسەر نەزانین دەوەستیٚ‌و، پیٚدەچیٚ تیایدا مرۆڤ چارەسەریٚك لەنیٚو چەندین چارەسەری تر بەئارەزووی خۆی هەلبژیٚریٚ کە دژە کارو جیاوازەو، بگرە بەلٚگەیە بۆ نەبوونی ئازادی مرۆڤ و ملکەچ بوونی بۆ ئەو بابەتەی کە پیٚویست بوو ملکەچی خودی خۆی بیٚت.

ئازادی بەرهەمی پیٚشکەوتنی کۆمەلاٚیەتی‌و دەرەنجامی کاریگەریەکی سەر گەشەکردنی کەسایەتیە: (هەر هەنگاو نانیٚك بۆ پیٚشەوە لەسەر ریٚگای شارستانیەت، هەنگاونانیٚکە لەسەر ریٚگای ئازادی).

ئیٚمە لەقسەکانی (ئەنگلز) دەربارەی ئەو ئازادی‌یە، بەپڕاکتیك ئاماژەیەك بۆ ناوەرۆکی بەرپرسیٚتی بەدی دەکەین، ئازادی حوکم دان لەسەر بابەتیٚك و لەهەمان کاتدا ئازادی رەفتارکردن لەبەرامبەریدا، لەسەر پلەی بوونی پیٚویستی (الضرورة) دەوەستیٚ، واتە یاسا نیٚوخۆییەکان بۆ گەشەسەندنی ئەو بابەتە لەتیۆرەوە بۆ پڕاکتیك ریٚ‌دەکات. بەتایبەتی ئەو پیٚوانەیە بۆ ناسینی پیٚویستی، پیٚوانەیەکە بۆ توانای دەستەبەر کردنی، کە پلەی ئەو ئازادیەی پیٚگەیشتووە دیاری ناکات، بگرە لەسەریٚکی تر ناوەڕۆکی بابەتی بۆ بەرپرسیٚتی دەداتە دەست. ئەمەی دواییان کۆمەلٚیٚك خواستە کە واقیعی بابەتی وەکو گشت دەیسەپیٚنیٚ. هەلٚویٚستی دیاریکراویش لەسەر رەفتاری خود کە تاك یاهەر کۆمەلٚیٚکی مرۆیی بیٚت کە یەکیٚتی بونیادی خۆی‌و، دواجار یەکیٚتی چالاکی هەیە. لیٚرەوە ناوەرۆکی بەرپرسیٚتی لەو چەندیٚتی‌و چۆنیەتییەی چالاکی پیٚك دیٚت کە هەلٚویست وەرگرتن لەپیٚوانەو ئاراستەی ئەکتیڤی خود دەیخوازیٚ.

بەرپرسیٚتی یەکیٚتی‌یەکە لەنیٚوان خودو بابەت و، پیٚوانەی ئەکتیڤی مرۆیی ئاراستەکراوە بۆ ئەو بابەتە یان ئەو کەتوار (واقیع)ەو، لەناوەڕۆکی بەرپرسیٚتیشدا – بەگونجان ودژەکاری– خواستە بابەتییەکان بۆ چالاکی خود لەلایەك و، بنەماو شیٚوەکانی ئەو چالاکییە لەلایەکی‌تر وەردەگیرین کە ئەو خودە بەشیٚوەیەکی تایبەتی دیاریان دەکات.

کیٚشەی بەرپرسیٚتی لە هەر حالەتیٚك دابیٚت کیٚشەیەکی رەوایە، جا چ قسەکردن بیٚت لەسەر گونجان و نەگونجانی مەبەست و چالاکیەکانی خود لەگەلٚ ئەو خواستانەی کە هەلٚویٚستی پیٚگەیشتوو لەقۆناغیٚکی دیاریکراوی پیادەکردنی پڕۆسەی کۆمەلاٚیەتی میٚژوویی پیٚویستی پیٚیەتی، یان لەهەلٚویٚستی ژیانی تاکیٚتی ئەو کەسە یان ئەویتر. ئەگەر ئازادیش توانای وەرگرتنی بڕیار بیٚت بەپیشت بەستن بەناسین و زانینی کیٚشەکە، یاخود هەلٚسوکەوت کردن لەسەر بنەڕەتی درك کردنی، ئەوا بەرپرسیٚتی

پێویستی‌یەکە هەلومەرجە بابەتیەکان پڕی دەکەنەوە، واتە ئەو یاسایانەی کە ئەو حاڵەتە یان ئەویتر دادەڕێژن. یان ئەمە ئەرکی وەرگرتنی چەند بڕیارێکە کە لەیەك کاتدا گوزارشت لەئامانج و بەرژەوەندیەکانی خەڵك و کۆمەڵگەو چینەکان دەکەن، چونکە هیچ چالاکیەك تەنها بەیاسا بابەتیەکان ئاراستە ناکرێ، بەڵکو بەبەهاو ڕێساو ئایدیۆلۆژیاو جیهانبینی ئاراستە دەکرێ، ئەو شتانەی کە بەیەکەوە بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ گوزارشت لەبەرژەوەندی‌یە راستەقینەکانی خەڵك دەکەن، بەم پێیە ناوەڕۆکی بەرپرسێتی لەدەرەنجامی کاریگەری ئاڵوگۆڕی نێوان دوو جۆر فاکتەر دادەڕێژرێتەوە کە ئەوانیش: فاکتەری بابەتین کە ناچارمان دەکەن بۆ کار لەڕێگەی پێویستی‌و ناسینی واقیع بەئاست و ئاستێکی تر، لەگەڵ فاکتەری خودی کە ملکەچی هوشیارین. لەنێویشیاندا ئەو بەهایانەی باسمان کردن.

بەم پێیە هەرچەندە خود لەنێوان خواستە بابەتییەکان بەرامبەر چالاکی‌و لەنێو خودی ئەو چالاکیە زیادی کرد کە بەرپرسێتی بەمانای پۆزەتیڤی وشە کە ناوەڕۆکەکەی پێك دێنێت، ئەوەش بەهای چارەنووسە نێگەتیڤەکانی ئاکار (سلوك)ی ناچالاك زیاد دەکات، ئەو ئاکارەی کە دەستە پاچەیە یاخود دژی کۆمەڵگەیە بەپێی ئەو وەسفەی بۆی کراوە.. بەشێوەیەکی تر دەتوانین بڵێین: بەرپرسێتی ئاراستەکراو بەرەو رابردوو زیاد دەکات. تائێستاش لەزانستە کۆمەڵایەتیەکان خستنەڕووی کێشەی بەرپرسێتی‌یەکی ئاراستە کراو بەرەو رابردوو شتێکی باوە... واتە بەشێوەیەکی سەرەکی قسە لەبارەی سزا چاوەڕوانکراوەکان دەکرێ، ئەمەش دەرەنجامی نەهێشتنی ئەو یاساو نەریتە کۆمەڵایەتیانەیە.

ئێستا دەبینین ئەو نەریتە باوانە زیاتر لەهەزاران ساڵە لەتەواوی فەلسەفەو بیری کۆمەڵایەتی کۆندا بەرپرسێتی بەلێپرسینەوەو سزادان لەسەر گوێڕایەڵ نەبوون بۆ قەدەرو خوا، یان ملکەچ نەکردن بۆ ڕێسا ناسراوەکان دەبەستنەوە. خودی ئەو نەریتەش هۆیەکی مەعریفی تایبەتمەندە بۆ تێگەیشتن لەبەرپرسێتی، بەو پێیەی لەزۆربەی کاتدا بەرپرسیەتێکی ئاراستە کراوە بەرەو رابردوو، ئەوەش ئەو تێگەیشتنەیە کە ئێستاش باوە. ئەمەش بەشێوەیەکی ڕێژەیی پەیوەستە بەوەی مافناسان بەشێوەیەکی سەرەکی خوێندنەوەیان بۆ بابەتی بەرپرسێتی کردووەو، شتێکی ئاساییە کە ئەوان زۆر بەسادەیی گرنگیان بەزۆربەی ئەو بەرپرسێتیانە داوە کە بەرەو رابردوو ئاراستە کراون، واتە بەو بەرپرسێتی‌یە جینائیانەی کە لەدەرەنجامی ئەنجامدانی تاوانێك دەرکەوتوون، ئەمەش بوارێکە لەبوارەکانی بەرپرسێتی کە لەئەدەبیاتی مافناسی خوێندنەوەیەکی بەرفراوان و وردی بۆ کراوە، وەك بڵێیت تاکە بوارێك بێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە کێشەی بەرپرسێتی وەك گشتێك خوێندنەوەی تەواوی لەبوارە پۆزەتیڤەکەی بۆ نەکراوە، ئەو شتەی کە بەبێ ئەو ناکرێ لەتێڕوانینی خۆمان بەپلەیەکی وردو پێویست پێناسەی ئەو بەرپرسێتی‌یە (بەرپرسێتی ئاراستەکراو بەرەو رابردوو) بکەین.

ئەمەو زۆر جار لەئەدەبیاتی فەلسەفی بەرپرسێتی وەکو گوتەیەکی ئەخلاقیو دەروونی دەخوێنرێتەوە، بەو مانایەی درك کردنی مرۆڤە بەئەرك و پابەندبوونەکانی خۆی بەرامبەر کۆمەڵگە، ئەوەتا (تونمارتیوف) دەڵێ (بەرپرسێتی توانای مرۆڤە بۆ پێشبینی کردن و دیاری کردنی دەرەنجامی چالاکیەکانی خۆی لەروانگەی ئەو سودەی یان ئەو زیانەی لێی دەکەوێتەوە). دیارە ئەو پێناسانەی بەرپرسێتی رەنگدانەوەی واتای بابەتیو واقیعی ئەو نین وەکو مەنزومەیەکی کۆمەلأیەتی کە کۆمەڵگەو دەوڵەت لەحاڵەتێك کە تاك ئەرکەکانی خۆی بەرامبەر کۆمەڵگە راناپەڕێنی پەنای بۆ دەبەن. نابەرپرسێتیش مانای جێبەجێنەکردنی رۆڵی کۆمەلأیەتی تاکە لەپارێزگاریکردنی سیستەمی یاسایی کۆمەڵگە، بەلأم بەو مانایە نا کە تاك ملکەچی چەند ئیجرائاتێکی دیاریکراوی دەوڵەت بێت و بەسەریدا بیسەپێنێ، بەڵکو دەبێ خستنەسەری ئەو ئەرکە لەلایەن کۆمەڵ بۆ سەر شانی تاك بەو مەبەستە بێت کە کاریگەری بخاتە سەر سەرپێچیکاران و تاکە ناجێگیرەکانی تر بۆ ئەوەی ئەو کارانە ئەنجام نەدەن کە زیان بەکۆمەڵ دەگەیەنن.

بەرپرسێتی گوتەیەکی کۆمەلأیەتیەو فراوانیەکەی لەواتای ئازادی کەمتر نیە، وێڕای هەموو ئەو سادەییە لەگوزارشتی (بەرپرسێتی رووەکەی تری ئازادیە) ئەوا هێشتا ناتوانرێ بەبێ تێگەیشتنێکی راست و بەبێ گەڕان بەدوای ناوەڕۆکی ئازادی لەمانای بەرپرسێتی بگەین، پێچەوانەکەیشی هەر ڕاستە. هەموو ئاکارێکی کۆمەلأیەتی کەسایەتیو چالاکی دەستەو گروپە کۆمەلأیەتیەکان کە بەئاکاری مەنزومەیەکی تایبەتی دادەنرێن لەچوارچێوەی هەلومەرجە کۆمەلأیەتییەکان و ئاراستەی ئەو چالاکییە، ناکرێ بەشێوەیەکی زانستی تێیان بگەین و بەوە راڤەیان بکەین کە لەیەك کاتدا بەرەو ئامانجی دەست نیشانکراو ئاراستەکراون، تەنها لەحاڵەتی لەبەرچاو گرتنی ئەو راستیە نەبێت کە ئازادیو بەرپرسێتی وەکو دوو خاسیەتی هاوشان لەچالأکی کۆمەلأیەتی هۆشیاری مرۆییدا بەشێوەیەکی دیالیکتیکی بەیەکەوە پەیوەستن و، دوو بەشی گشتێکی تەواون (کامل)، بەو پێیەی ئازادی بەرپرسێتی دێنێتە بوون و بەرپرسێتیش ئازادی ئاراستە دەکات.

* * *

## سەرچاوەکان


١-د.ابراهیم زكریا، مشكلة الحریة، مكتبة مصر، الطبعة الثانیة، ١٩٧٢.

٢-المعجم الفلسفي المختصر، ترجمة توفق سلّوم، دار التقدم- موسكو، ١٩٨٦.

٣-تیمیریازیف، العلم والدیمقراطیة، موسكو، ١٩٦٣.

٤-ماركس وانجلز، المؤلفات، المجلد (٢٠)، ص١١٦-١١٧.

٥-ن.ص لیبیكینا، شنحصیة المجرم والمسؤولیة الجنائیة، موسكو، ١٩٦٨.

٦-رینیه دیكارت، التاملات الفلسفیة (٤).

٧-جینز سیر جیمس، (الكون الغامض) ترجمة عبدالحمید حمدي موسى، القاهرة/ ١٩٤٢.


تێبینی : ئەم وتارە بەزمانی عەرەبی نووسراوەو لەلایەن ئێمەوە کراوەتە کوردی. سەرخۆبوون